راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەبۆنەی

# رووخانی رژیمی دیکتاتۆریی بەعسی و رزگار بوونی عێراق و کوردستان

لە رۆژانی رابوردوودا یەکێك لە گرینگترین رووداوەکانی مێژووی نوێی عێراق و کوردستان تۆمار کرا. ئاخرین ساتەکانی سی و پێنج ساڵ رژیمی دیکتاتۆریی بەعسی لە عێراق، کۆتایی پێهات.

بەدوای تێپەر بوونی نزیکەی بیست رۆژ لە جەنگی ئەمریکا و بریتانیا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق کە سەرەنجام بوو بە هۆی گیرانی بەغدا و پەرەوازە بوون و دەرچوونی سەرانی رژیمی عێراق، رژیمی بەعس شیرازەی لە دەست دا و دەرفەتێك بۆ هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە و لەوانە بەتایبەتی بۆ گەلی کورد خوڵقا کە ئەوانیش بەدژی دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی هەستن و بە راپەڕین و لە هەندێك شوێنیش بە بەشداریی هێزی پێشمەرگە خۆیان لە چنگاڵی یەکێك لە تاوانبارترین رژیمە دیکتاتۆرییەکانی ئەم سەردەمە رزگار کەن.

بەم جۆرە دیکتاتۆرییەکی سامناك کە نەك هەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکوو لە جیهانی ئێستادا بێوینە بوو، رژیمێك کە بۆ زیاتر لە سی ساڵ بە دڕندانەترین شێوە هەموو ئاسەوارێکی ئازادی و مافەکانی کۆمەڵانی خەڵکی لە عێراق پێشێل کرد و هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسی و کرێکاری و پیشەییەکانی هەڵپێچا، رژیمێك کە بە دەزگا ئەمنی و زیندانە جۆراوجۆرە سامناکەکان و بە ئەشکەنجە و ئیعدامی دڕندانەی زیندانیانی سیاسییەوە دەناسرایەوە، رژیمێك کە تەعریب و پاکتاو کردنی رەگەزی کردبوو بە سیاسەتی رەسمی و راگەیەندراوی خۆی و بە دەیان و سەدان هەزار بنەماڵەی بە زەبری چەك و تۆقاندن لە شوێنی ژیانی خۆی ئاوارە کرد، رژیمێك کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخ گازی ژەهراوی لەدژی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بەکار هێنا، رژیمی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال، رژیمی کوشتاری بەکۆمەڵ و زیندەبەچاڵ کردنی شیعەکانی جنووب و وشك کردنی زۆنگاوەکانی باشووری عێراق و ئاوارە وماڵوێران کردنی دانیشتووانی، رژیمی سووتاندن و کاول کردنی کوردستان و کۆچی زۆرەملی و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی کورد، رژیمێك کە سەروەت و سامانی وڵاتی دەوڵەمەندی عێراقی لەپێناو مەزنخوازی و بۆ ئاژاوە نانەوە و شەڕ فرۆشتن بە دراوسێکانی بەفیڕۆ دەدا، بەکورتی رژیمی فاشیستی بەعس، لە رۆژانی رابوردوودا لەبەر چاوی هەمووان هەڵوەشایەوە و خرایە زبڵدانی مێژوو.

بەشی زۆری دانیشتووانی وڵاتی عێراق، سەرەڕای زەرەر و زیان و ماڵوێرانییەکانی جەنگ، بە بۆنەی هەڵوەشانەوەی رژیمێك کە زیاتر لە سی ساڵ بوو رۆڵەکان و خۆشەویستانیانی بەرەو سیاچاڵ راپێچ دەکرد، دەستیان کرد بە دەربڕینی شادی و خۆشحاڵی و، وێنە و پەیکەرەکانی سەدامیان بە نەفرەت و سووکایەتییەوە هێنایە خوارەوە و بەو شێوەیە داخی دڵی خۆیان بەو رژیمە رشت.

هەر لەو پرۆسەیەدا لە رۆژانی رابوردوو لە کوردستانیش هەر لە شنگار و چیای مەقلووبەوە هەتا کەرکووك و خانەقین و مەندەلی، هەموو ئەو شوێنانەی کە ساڵەها پامالی چەکمەی سوپای بەعسی و مەیدانی کارەساتی

راگواستنی زۆرەملی بوون، ئاخرین ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی ئەو رژیمەیان سڕیەوە و خۆیان رزگار کرد. کوردستانی عێراق بەم بۆنەیەوە بووە بە یەکپارچە شایی و هەڵپەڕکێ و خۆپیشاندانی جەماوەری.

ئێمەش بەم بۆنەیەوە خۆشحاڵیی قووڵی خۆمان دەردەبڕین، خۆمان لە شادیی راونان و رووخانی دیکتاتۆری‌دا بەهاوبەش دەزانین و پڕبەدڵ پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی عێراق و بەتایبەت لە خەڵکی کوردستان دەکەین و ئاواتی سەرکەوتنی هەرچی زیاتریان لەپێناو گەیشتن بە ئازادی یەکجاری و بە مافە رەواکانی خۆیان بۆ دەخوازین.

بەڵام بەشداری لە خۆشی و شادی خەڵکی کوردستانی عێراق بۆ ئێمەی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران کە ساڵەها هاوخەمی رۆژانی سەخت و دژوار و شەریکی ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق و هەروەها هاوبەشی خەبات و تێکۆشانیان بووین، جێگە و مانایەکی تایبەتی هەیە. جێگەی ئاماژەیە کە هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ەوە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، کە ئەو کات رێکخراوێکی نهێنی سەردەمی پاشایەتی لە ئێران بوو، بە هەموو توانای خۆیەوە بەسەر و بەماڵ کەوتە هەوڵی یارمەتی و پشتیوانی ئەو شۆڕشە و بەزوویی لەگەڵی بوو بە تێکەڵ و یەکماڵ. هەر لەم پەیوەندەدا بوو کە یەکەم پێشمەرگەی شەهیدی کۆمەڵە، کاک سەعیدی موعینی، ناسراو بە کاک خانە، کادری لێهاتووی کۆمەڵە و برای تێکۆشەرانی ناسراوی گەلی کورد سولەیمان و عەبدوڵڵای موعینی، لە خاکی کوردستانی عێراق و لەناو ریزی پێشمەرگەی کوردستانی باشوور لە مەیدانی شەڕی شۆڕشگێڕانە بەدژی رژیمی فاشیستی بەعس گیانی لەدەست دا کە هەر بەو بۆنەیەوە رۆژی گیان بەخت کردنی ئەو، ٣١ی جۆزەردان، وەکوو رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە دیاری کراوە.

دواتریش کە هێزی سەرکوتگەری رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران باڵی رەشی بەسەر هەموو بەشێکی کوردستانی ئێران داگرت و کۆمەڵە ناچار بوو بنکەکانی سەرکردایەتی و ئوردووگاکانی خۆی لە کوردستانی عێراق دامەزرێنێ، ئەو پەیوەندە هەر درێژەی هەبوو و پتەوتریش بوو. جێگەی خۆیەتی کە ئەو راستییە بخەینە بیر هەمووان کە لەناو هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کورد ئەوە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو کە بێجگە لە چەندین جار تۆپ بارانی عێراق و زەرەر و زیانی گیانی، لە ساڵی ١٩٨٨دا کەوتە بەر شاڵاوی ئەنفال و کیمیایی‌باران و نزیکەی سەت تێکۆشەری لە هەڵەبجە وێڕای خەڵکی ئەو شارە و هەروەها لە کیمیایی‌بارانی دۆڵی شەهیداندا بە گازی ژەهراوی خنکان و گیانیان لە دەست دا. بەم حیسابە ئێمە نەك تەنیا وەکوو هاودەردییەکی دووراودوور بەڵکوو خۆمان وەکوو بەشێك لە قوربانیانی کیمیایی‌بارانی رژیمی سەدام دەبینین و قووڵترین هاوخەباتی و هاوسۆزی لەگەڵ هەموو قوربانیانی ئەو جینۆسایدە سامناکە هەست پێدەکەین.

تێکەڵاوی و نزیکیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەگەڵ خەباتی خەڵکی کوردستانی عێراق و خەباتیان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و پتر لە چارەکە سەدەیەکە لە دەیان دەرفەتدا خۆی نیشان داوە و لە بۆتەی زۆر ئەزموونی سەخت سەرکەوتوو هاتۆتە دەر. ئاشکرایە کە ئەو پەیوەندەش یەك لایەنە نەبووە، بەڵکوو ئێمەش لە کاتی تەنگانەدا خەڵکی کوردستانی عێراق و هێزە خەباتکارەکانیمان بە پشت و پەنای خۆمان زانیوە و لە ناردنی هێزی پشتیوان و دالدەدان و پارێزگاری و یارمەتی ئەو خەڵکە و هێزە سیاسییەکانی کەڵکمان وەرگرتووە و ئەو میوانداری و پشتگیرییەمان قەت لەبیر نەچۆتەوە بەڵکوو هەمیشە بە سوپاس و پێزانینەوە باسمان کردووە و دەیکەین.

بەگشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەو بڕوایە دایە کە پەیوەندی چڕوپڕی ئابووری، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، سیاسی و ڕۆشنبیری دێرین لە نێوان کوردستانی هەر دووك دیوی ئێران و عێراق زەمینەی بۆ هاوکاری و هاوخەباتییەکی هەرچی زیاتر ڕەخساندووە و چارەنووسی ئەو دوو بەشەی گەلی کوردی بەتایبەت پێکەوە گرێداوە. ئێمە جارێکی دیکەش لەسەر گرنگی و پێویستیی ئەو هاوکاری و هاوخەباتییە پێ دادەگرین و دەڵێین لە حالێکدا کە دەوڵەتە ناوچەییەکان، سەرەڕای هەموو ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان، بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەسکەوتەکانی گەلی کورد سیاسەتی هاوکاری دادەڕێژن، بۆچی نابێ هێزە کوردستانییەکان هاوکاری و هاوئاهەنگیی پێویست لەنێو خۆیاندا پێك بهێنن؟

ئێستا و لەم سەردەمەی شادیی گشتی و لە کاتی شایی لۆغانی رووخانی ڕژیمی دیکتاتۆری‌دا جێگەی خۆیەتی کە ئاماژەیەکیش بە داهاتوو و ئەرکەکانی بزووتنەوەکە بکرێت. گومان لەوەدا نییە کە هەر دەسکەوتێك کە ئەمڕۆ کورد لە وڵاتی عێراق بەدەستی بهێنن، نەك هەر دەسکەوتی ئەم بەشە لە کوردستانە بەڵکوو لەڕاستی‌دا سنووری پێشڕەویی هەموو گەلی کورد لەم قۆناغەدا دیاری دەکات، هەر بۆیەش زۆر گرینگە کە جەماور و سەرکردایەتی سیاسی کورد لەسەر مافی فیدرالییەکی تەواو پێداگری بکەن و لە عێراقی داهاتوو هەموو کوردستان بکرێ بە یەکەیەکی سیاسی یەکگرتوو کە حوکمێکی فیدرالی لەسەر بنەمای هەڵبژاردن تێیدا بەڕێوە دەچێت. هەر وەها شادیی رووخانی دیکتاتۆری نابێ ئەم ڕاستییە لەبیر بەرێتەوە کە سەرەڕای پێشەوە چوونی زۆرتری مەسەلەی کورد لە ئاستی جیهان و ناوچە و خودی عێراقدا، بەڵام هێشتا هیچ گەرەنتییەکی ڕەسمی و نێونەتەوەیی بۆ بەرەسمی ناسینی مافی کورد وەکوو نەتەوەیەکی بندەست کە خاوەنی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیەتی لە ئارا دا نییە و پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەش خەباتێکی سیاسی فراوانتر و لێبڕاوانەتر دەخوازێ.

هەروەها کاتی ئەوەیە کە کورد، بە توانای جەماوەری و ڕۆشنبیری و سیاسییەکەیەوە، نەقشی خۆی لە ئاستی مەرکەزیی عیراقدا بنوێنێت و ببێ بە هەوێنی دامەزراندنی حکوومەتێکی دێمۆکراتێکی پلورالیی فیدرالی لە عێراقدا.

لە ناوخۆی کوردستانیشدا کاتی ئەوەیە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە عێراق لایەنی گەش و عادلانەی خۆی، وەکوو بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە و نوێخوازانە کە پابەند بوون بە بنەماکانی دێمۆکراسییەکی ڕاستەقینە دەکا بە پێناسەی خۆی، زیاتر نیشان بدات: ڕێز گرتن لە ماف و ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ لەوانە ئازادیی بێ مەرج و کۆسپی دەربڕین و ئازادیی پێك هێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیی، سێکولاریزم و جیا کردنەوەی دین لە دەوڵەت، ڕیشەکێش کردنی دیاردەی گەندەڵی و دامەزراندنی ئیدارەیەکی یەکگرتووی هەڵبژێردراو بەرپرس و وەڵامدەرەوە و قابیلی گۆڕان، ڕیشەکێش کردنی دیاردەی ستەم و هەڵاواردن و نەفرەتی قەومی و ڕەگەزی کە دیاری ڕژیمی بەعسە و کردنی کوردستان بە شوێنی تەبایی و ژیانی هاوبەشی هەموو ئەو نەتەوە و فەرهەنگانەی تێیدا دەژین، دابین کردنی یەکسانیی تەواوی مافی ژن و پیاو، گرنگی دان بە ئاوەدان کردنەوە و گەشەی ئابووری کوردستان و هەوڵ دان بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوازیيە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی دنیای ئەمڕۆدا، کۆتایی هێنان بە مەترسیی شەڕی ناوخۆ و لەناو بردنی زەمینەکانی و کردنی کوردستان بە نموونەیەکی گەشاوەی پلورالیزم و فرەچەشنیی فیکری و سیاسی و حیزبی و نەهێشتنی دیاردەی دوو ئیدارەی دەوڵەتی لە کوردستان لە ڕێگای ئاشتیانە و هەڵبژاردنەوە، زەمینە خۆش کردن بۆ هاتنە ئارای ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنییەکان و بۆ هاتنە ئارای ئەو میکانیزمانەی کە دیالۆگی

کۆمەڵایەتی و بەشداری کۆمەڵانی خەڵك لە پرۆسەکانی بڕیار دانی سیاسی ژیان و چارەنووس و ئیدارەی خۆیاندا دابین دەکەن، بەڵێ، ئەوانەن کە دەتوانن کوردستان و هەموو عێراق بکەن بە نموونەیەکی گەش و پرشنگدار لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراست و هەقە هەموو لایەنێکی پێشکەوتنخواز هەوڵی جیددی بۆ بدات.

هەر لەم دەرفەتەش کەڵك وەردەگرین و جارێکی دیکەش نارەزایی خۆمان بەرانبەر بە دەست تێوەردانی هەموو دەوڵەتە ناوچەییەکان لە کاروباری کوردستانی عێراق دەردەبرین و لەو بڕوایە داین کە بێجگە لە ئاڵۆز کردنی دۆخەکە و شێواندنی هێمنی و پێك هێنانی ناکۆکی لەنێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوانی عێراق هیچ ئاکامێکی نابێ.

دەمێنێتەوە ئەوە بڵێین کە خەڵکی ئێران بەگشتی و گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانیش لەژێر دەستی یەکێك لە دزێوترین رژیمە دیکتاتۆرەکاندا دەناڵێنن. رژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران بە داسەپاندنی دیکتاتۆریی دینی بەشێوەی سەدەکانی ناوەراست ناسراو بە نیزامی "ویلایەتی فەقیە" هەموو ماف و ئازادییەکی لە خەڵکی ئێران زەوت کردووە، رژیمی ئیعدامی هەزاران و بگرە دەیان هەزار کەس لە نەیارانی سیاسی لە دەهەی ١٩٨٠ و کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسییە لە ساڵی ١٩٨٨دا، رژیمێکە کە تا ئێستا بەزمانی تێرۆر و رەشەکوژی و "قەتڵە زنجیرەییەکان" لەگەڵ رۆشنبیران و نەیارانی سیاسی دواوە و فتوای ئەو قەتڵانەش لە لایەن باڵاترین کاربەدەستانەوە دەرچووە، رژیمی تاقمێك مافیای عەباپۆشە کە هەموو سەروەت و سامانی ماددی و دەسەڵاتی سیاسیان لە ئێران پاوان کردووە و ئەو وڵاتەیان کردووە بە نموونەیەکی بێوێنەی هەژاری و بێکاری و گەندەڵی و بەرتیل خۆری و لەش فرۆشی و ئیعتیاد، کۆماری ئیسلامی رژیمی ئاپارتایدی جینسی و پێشێل کردنی مافی ژنانە، رژیمێکە کە مافی هەموو گەلانی ئێرانی لە کورد و ئازەربایجانی و عەرەب و بەلووچ و تورکمان پێشێل کردووە و بەتایبەتی نزیکەی بیست و پێنج ساڵە بەزەبری کوشتار و سەرکوت و هێرشکاری هەموو ماف و ئازادییەکی لە خەڵکی کوردستانی زەوت کردووە و هەموو بانگەوازێکی گەلی کوردیشی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردستان رەت کردۆتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش، دەتوانین بەخۆشییەوە بڵێین کە ئەو رژیمە هەرگیز نەیتوانیوە پێگە و جێگەیەکی لە کوردستان هەبێت و لە چەند ساڵ لەوە پێشەوە شەپۆلی نارەزایی جەماوەری و خەباتی سیاسی لە ئێراندا هەستاوە و رۆژ لەگەڵ رۆژیش بەهێزتر دەبێت و ئەو رژیمە لەهەمیشە زیاتر بەتاق کەوتۆتەوە و تەنانەت باڵی بەناو ئیسلاح خوازیش لەبەر چاوی خەڵك کەوتووە و ئەو رۆژە دوور نییە کە رژیمی کۆماری ئیسلامی بە هێزی خەباتی سەربەخۆی جەماوەری بخرێتە زبڵدانی مێژووەوە.

لە کۆتاییدا، جارێکی دیکەش پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە دەکەین و هیوادارین دەسکەوتەکانی پتەوتر و چەسپاوتر بن و ئاسۆی روونتریشی بۆ بکرێتەوە.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٣ی ئاپریلی ٢٠٠٣، رێکەوتی ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٢ی هەتاوی

www.komala.org

e.mail:komala1348@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: (oo44704)3124711
Mobile:00447077537465